# سوپاسنامەی بنەماڵەی شەهید خەلیل سۆفی ناسراو بە (جوتیار)

بە ناوی بنەماڵەی شەهید خەلیل سۆفی ناسراو بە (جوتیار)ەوە, کە بە دەستی چەند خۆفرۆشێک و بە پیلانی دوژمنانی کورد و بازرگانانی سیاسەت, نامەردانە لە شاری کەرکوکدا شەهید کرا, سوپاسی گشت ئەو بەڕیزانە دەکەین کە لەم کارەساتەدا هاوبەشیی خەمیان کردین.

سوپاسی گشت ئەو پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و ناوەند و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایت و بڵاوکراوانە دەکەین کە ئیدانەی ئەو تاوانەیان کرد.

سوپاسی گشت ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بەشداریان لە پرسەکەی کە لە کەرکوک و هەولێر و کۆیلن و نیورنبێرگ و هێلسینکیدا بۆی ساز کرابوو کرد. سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەین کە لە شارەکانی تری کوردستان و وڵاتانی ترەوە ئەرکیان کێشا و لە پرسەکەیدا ئامادە بوون. سوپاس بۆ ئەو خۆشەویستانەی بە تەلەفۆن سەرەخۆشییان لێ کردووین یان لە ڕێگای فاکس و ئیمەیلەوە پرسەنامەیان بۆ ناردووین.

سوپاسی بێپایانی خەڵکی شاری کەرکوکی هەمیشە خۆڕاگر دەکەین کە بەشدارییەکی جوامێرانەی کەموێنەیان لە بەخاکسپاردن و پرسەکەیدا کرد و سەلماندیان کە بەڕاستی شایانی هەموو قوربانییەکن.

سوپاسی بێپایانی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و دەزگا و دامەزراوانە دەکەین کە لە ماوەی حەوت ڕۆژی بزربوونیدا شەویان کردبووە سەر ڕۆژ و بێ پشوو عەوداڵی دۆزینەوەی بوون.

ئێمە لە ئاست ئەو دڵسۆزییەی ئێوەدا کە ئەم کارەساتەتان بە هی خۆتان زانی و خۆتان بە خاوەنپرسە دانا, سەری ڕیزتان بۆ دادەنەوێنین و لە بەرانبەردا بەردەوامیی بنەماڵەکەمان لە قوربانیدان (وەک هەزاران بنەماڵەی تر) بە شانازی دەزانین و دووپاتی دەکەینەوە کە تاوانی نامەردانەی لەو جۆرە, هەرگیز ڕێگای خەباتمان لێ ناگرێت و بگرە گوڕ و تینی زیاترمان پێ دەبەخشێت.

سالار سۆفی
لەجیاتی بنەماڵەی شەهید خەلیل سۆفی ناسراو بە (جوتیار)
**2005/03/18**